## هونەرمەندی کورد ئەحمەد کایا

## خاوەنی پڕفرۆشترین ئەلبوومی موزیك لە تورکیا



ئەحمەد کایای گەورە هونەرمەندی کورد کەسەرتاپای ژیانی لەپێناو خزمەتکردن بەموزیك و کێشەی نەتەوەکەی بەسەربرد، لەنوێترین ئاماری هونەریدا دەرکەوتووە کەئەو دوو ئەلبوومەی دوای کۆچی دوایی هونەرمەند بڵاوکراونەتەوە، پڕفرۆشترین ئەلبوومن لەمێژووی موزیکی تورکیادا .

ئەلبوومی (ئاوازەکانم بۆ شاخەکان)ی کایا، تائێستا (1،5) ملیۆن کاسێتی لەتورکیادا لێفرۆشراوەو جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە. کایا کە لەساڵی (1957) لەشاری مەلاتیەی کوردستانی تورکیا لەدایکبووە، دوای چەندینجار گیران و زیندانیکردن، سەرەنجام لەزیندان رایکرد بۆ فەرەنساو بەهۆی (دانیال میتەران)ی دۆستی کوردانەوە لەو وڵاتە نیشتەجێ بوو، دواجار بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لە (16ی تشرینی دووەمی 1999) دا لەفەرەنسا کۆچی دوایی کرد.

---

**ئەم بابەتە لە PUKMEDIA وەرگیراوە**